ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 14-11-2007 20:08

**وەلامێک بۆبابەتی فایلی هاوری پۆلا ... شاسوارمحمد**

ماوەیەکە لە رۆژنامەو سایتە کانەوە چەندین بابەت بلاٌودەکرێتەوە سەبارەت بەبونی فایلی (صبحی مهدی) . من لێرەدا نامەوی کەداکۆکی لە (صبحی مهدی) بکەم، ئەمەوی بلێم بۆچی کاتی نزیك بونەوەی کۆنگرەی حزبی شوعی کوردستان ئەبی کێشەیەك دروست دەکەن بۆکەسی یان چەند کەسانی، پێویستە هاورێیان هەلوێستەیەك بکەن لەم کارەدا. چونکە ئەگەر سەیری مێژووی ئەم چەندسالەی دروست بوونی حزبی شوعی کوردستان بکەین لەو رۆژەوە دروست بووە ململانێ یە لە بەینی بۆچونی کوردستانی و عێراقی وە هەندیکەسان بوونەتە پالٌەوانی ئەم کارە.

ئەگەر سەیرێکی کۆنگروی یەکەمی حزبی شوعی کوردستانی بکەین چەندین کێشەی تیادروست بوو کارگەیشتەئەوەی ئەندامێکی کۆنگرە لەناو گۆنگرەکەوە لەلایەن ئاشتی شێخ عتاوە دەست گیرگرا بۆماوەیەك هۆکەشی تەنها بۆچونی کوردستانی بوو، لەکۆنگرەی دووەم دا لەبەر هەمان بۆچون حەمەشوان بەرشالاوی کۆمەلێ بووەوە وکێشەیەکی ئەخلاقیان بۆدروست کرد و پالاوانی ئەم کارە (رەحمان غەریب) بوو، لەکۆنگرەی سێ هەم دا ئەووەبوکۆمەلێ هاوری دەرکران کەداوای چاك سازی حزبیان دەکرد بەهەمان شێوە پالەوانی ئەم کارەش (رەحمان غەریب) بوو، ئەوە کۆنگرەی چوارەم لەپێشەوەیە و ێبحی مهدی لەکۆنگرەی حزبی شوعی عێراقی باسی لەپەیوەندی هەردوحزب کردبوو ئەوە بەرغەزەبی رەحمان و جەماعەتەکەی کەوتووە. ئەگەرئەلێن وانیە ئەی بۆچی لەکاتی بلاوبونەوەی فایلەکان رەحمان ئەمەی شاردبووەوە و فایلی کەسانی ترهەلێئەداتەوە یان بۆچی لەکۆنگرەی سی دا دەنگی بە (صبحی) دا وبووەوبەئەندامی سەرکردایەتی ئەگەروایەئەم دوورووییەچی. ئەم کارەزۆر رونە کەچەنگ لایەن و کەسانێك هەیە کەئەیانەوی ئەم حزبە بەرەو دارمان بەرن، زۆرن ئەو چەمکە لەرزۆکانەی ناخیان هەمووی بوغزوکینە وحەقدی بی مەودایە وئەوجۆرەکەسانە دانی خێر بەخۆشیان دا نایەت، تەنانەت ئەگەر کەسێکیان بەدلٌ نەبی ئەبی هەزارو یەك درۆی درۆی بۆ بۆ هەلبەستین بکەوینە وێزەی و هەولی ناوزراندنی بدەین، ئەوجۆرە کەسانە کاسەلێسن ئەوەندەماستاوچییەکی شەرمەزارن، ئەگەر بیانەوی یەکێك هەلکێشن ئەوا ئەیگەیەننە حەوتەبەقەی ئاسمان ئەگەربیانەوی یەکێك دابەزێنن و تەشهیری پی بکەن ئەوا قەستیانە بە ناخی زەویدا بیبەنە خواری وتەنانەت بەدرۆو دەلەسە شاخدارەکانیان ناویدەزرێنن وبی شەرمانە ئەوەی نەکری ئەوان دەیکەن، بەلاٌم لەگەلٌ ئەوەشدا پەتی درۆ کورتە.

وەلەوەش سەیرتر ئەوەیە کەهەندی هاوری بەبی ئەوەی کەسایەتی (رەحمان) بناسی لەخۆیانەوە پیای هەلٌ ئەدەن وەك نوسینەکەی (ئاریە رەش) باس لەوەدەکات کەرەحمان زیندانی سیاسی بووە، بەلاٌم ئەمەوی بۆ ئەو بەرێزەی رونکەمەوە کەرەحمان زیندانی سیاسی نەبووەو تاکاتی راپەرین لەباوەشی پارتەکارتۆنیەکەی بەعسدا بوو کەحەمە خۆشناو سەرپەرشتی دەکرد تا کاتی راپەرینیش بەناسنامەی ئەوپارتەوە هاموشۆی دەکرد، وەشاردنەوەی ئەم فایلە زۆرئاساییە بۆ رەحمان کەچەندین فایلی بەرپرسەکانی فرۆشتۆتەوە کەئەمە گەورە ترین خیانەتە، هەروەك خۆی دەلێت کە فایلی (صبحی) داوەتەوە بەدەستی خۆی.

ئەوەی گرنگە ئەبی حزبی شوعی زۆر بەوردتر لەقسەو قسەلۆك وسەرجەم ئەو فایلانەی لەسەر ئەندامانی هەیە بکۆلێتەوە دوور لەعەقلیەتی تۆلەسەندنەوەو ناوزراندن، چونکە دوژمنانی ئەو حزبە وکەسانی نەفسیەت نزم کەلەسەر ناوی ئەو هاورێیانەو مەکانەتی حزبی شوعی لەلایەن رژێمەوە هەی بووە تۆلەو مەرامی تایبەتیەکانی خۆیان بردۆتە سەر.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاٌودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.